# *هه وڵه کانی کوردان چما هه تا نووکه بێ ده ره نجام مانه*

به شی : دووه م

نووسه ر : ئایه ت محه مه دی(که ڵهوڕ)

وه رگێڕ : ڕێناس جاف

*خه یانه ت*

مخابن سه رانسه ری دیرۆکی خه باتی شۆڕشگێڕانه ی
کوردان، تژی خه یانه ت بووه.
به درێژایی ساڵانی خه باتی چه کدارانه ی کوردان، خاسما
له م سه ده دواییه دا خه یانه ت و خۆ فرۆشی هه ندێ
له سه ران و ڕێبه رانی کورد، زه برێکی کاری به وان
گه یاندووه.
خۆ فرۆشی یه زدان شێر به میر به درخانی مامی،
خه یانه تی به کر ئاغا به شێخ مه حموود، خه یانه ت و
چولکه شکێنی له ڕاپه ڕینه که ی مه هاباد دا،... و
گه لێ نموونه ی دی له و به ستێنه دا له نێو ڕووپه ڕی
دیرۆکی کوردان دا، سه لمێنه ری ئه و حه قیقه ته تاڵه ن.

*نه ویبوونی ئاستی خوێنده واری ڕێبه ران و سه رانی
کورد*

له خوارێ بوونی ئاستی خوێنده واری لای ڕێبه رانی
خه باتگێڕی کورد، زه برێکی دی بوو که له خه بات و
بزوتنه وه ی کورد که وت.
ئه وه ی پێ ده نێته نێو دونیای سیاسه ت، ده بێ
خۆی به چه کی زانست ، ته یار بکات هه تا بتوانێت
پرسه جۆربه جۆره کان لێک بداته وه و له توانای دا بێت
کێشی هه ر کامه یان هه ڵسه نگێنێ.
خاڵێکی ئه رێنی و پۆزه تیڤ لای سیاسه توان،
پێش بینی کردنی ڕووداوه جۆربه جۆره کانی ڕۆژ و
داهاتوویه.
هیچ کامه له سه رانی هۆز و خێڵه کانی کورد که ڕوویان
کردۆته خه بات و ڕاپه ڕین، هه ڵگری ئه و خاڵه نه بوونه.
ئه رچی له سه رده مى ڕاپه ڕینی سه رانی کوردا،
ڕێبه رانی (ئێران و عوسمانی)یش له باری خوێنده وارییه وه

له ئاستێکی بان دا نه بوونه، لێ  گه لێ شاره زا و
سیاسیکار ورِاوێژکاری ژیهاتی و لێزانیان له لا گلێر بووه و
له باری  سه ربازییه وه توانستێکی بانیان بووه.

*نه بوونی پێوه ندی له نێوان کوردانی پارچه کانی کوردستانا*

هه ڵکه وته ی جۆگرافیایی  و نه بوونی که ره سته ی
پێوه ندی، کۆسپی سه ره کی سه ر رِێی پێوه ندی کوردان بووه.
بۆ نموونه کوردانی باکووری رِۆژاوای ئێران و کورده کانی
ترکیا، قه ت بۆیان نه لواوه پێوه ندی به ناوچه کانی
باشووری کوردستانه وه (کرماشان،ئیلام،...) بکه ن و
ده گه ڵ یه کتر بکه ونه سات و سه ودا و پێوه ندی
چاندی.
هه ر بۆیه یه ک له کۆسپه سه ره کییه کانی سه ر رِێی
خه باته کانی کورد، دوور که وتنه وه لێک بووه،
هه ر ئه و خاڵه بۆته مایه ی بێ خه وه رمانه وه ی
کوردانی باکوور و کورده کانی ئه و ناوچانه له رِه وشی
کوردانی رِۆژاوا(سووریا) و به پێچه وانه شه وه.
 بۆیه  وای لێ هاتووه خه بات و رِاپه رِینی هه ر ناوچه و
ده ڤه رێک، له سنوور و تخووبی هه مان ده ڤه ر ئه ولاتر
نه چووه.

*به رته سک مانه وه ی شۆرِش و خه باتی کوردان
به ناوچه یێکی تایبه ته وه*

سه ران و رِێبه رانی کورد هه موو توانای هزری و
به هره ی خۆیان هه ر به ته نێ له چوارچێوه ی
سیسته مێکی خێڵه کی و عه شیره تی دا ده کار دێنا.
نموونه له م بواره دا زۆرن.
بزاڤه که ی داوودخانی که ڵهورِ میری مه زنی که ڵهورِ و
وه رِێکه وتنی به ره و تاران به بێ گویدان به یارمه تی
هێزی پشتکۆ و ئه رده ڵان، رِاپه رِینه که ی سمایل ئاغای
شکاک(سمکۆ)،رِاپه رِینه که ی شێخ سه عیدی پیران،....
هه ر له به ر ئه وه ده بینین  رِاپه رِینه کانی کوردان
له لایه ن سه ره ک خێڵ و سه رۆک عه شیره ته کانه وه
له سنووری خێڵ و عه شیره تێک، ئه ولاتر نه چوونه و
له ئاکامیشدا هه تا ئه و خواره رِێیان نه برِیوه.

*ده کار گرتنی سه رانی کورد وه ک داره ده س*

سه ران و ڕێبه رانی کورد به درێژایی مێژوو، فریوی
ساویلکه یی خۆیان خواردووه.
ڕێبه رانی کورد گه لێ سووک و سانا ،گۆڵی واده و به ڵێنی گۆتره و هاکه زایی ده وڵه تانی ناوه
ندی ترکیا، ئێراق و...
و وڵاتانی ئیستیعمارییان خواردووه و به ری ساڵه های ساڵ
خه بات و تێکۆشانی کوردیان به جارێ به فیرۆ داوه.
حکومه ته کانی ناوه ندی نێو ئه و وڵاتانه بۆ دابینی
به رژه وه ندی و گه یشتن به ئامانجه کانیان و هه روه ها
به لاڕێدا بردنی ڕاپه ڕین و خه باتی کوردان،دزه یان
کردۆته نێو ئه وانه وه و له ڕێی ناکۆکی نانه وه و
به گژ یه کتر دانی ئه واندا، شکستیان به تێکۆشانی ئه وان
داوه. له لایێکی دیکه وه وڵاتانی ناوچه بۆ چه واشه کردنی
ڕێبه رانی کورد، پێوه ندی به رده وامیان پێوه کردوون و
له وان وه ک چه کێ بۆ کز کردنی ده وڵه تێکی دی،
که ڵکیان وه رگرتووه.
ئێراق یارمه تی پ.ک.ک ده دا هه تا ئه وان به هۆی
توانای خۆ ، به نداوه که ی فورات ،تێک بشێوێنن.
له هه مبه ردا ده وڵه تی ئێراق ئه و ئیزنه ی به هێزی
پ.ک.ک ده دا هه تا هێزه کانی خۆ له باکووری ئه و
وڵاته دا سه قامگیر بکات. که چی له و لاوه ده وڵه تی
ترک هه مان سیاسه تی له هه مبه ر ئه وان گرته به ر و
پێوه ندی خۆی ده گه ڵ پارتی خۆش کرد و هه وڵی دا
به یارمه تی پارتی، به ر به خه باتی چه کدارانه ی
پ.ک.ک له دژی ده وڵه تی ترک بگرێ.
سووریاش له ڕێی یارمه تیدانی پ.ک.ک ه وه له وان
وه ک داره ده س و چه کێ له دژی ده وڵه تی ترک
که ڵکی وه رگرت. چونکه سووریا به ده س که م ئاوییه وه
ده یناڵاند.
ده وڵه تی ئێران هه ر له سه رده می پاله وییه وه بگره
هه تا به ئێستا، له ڕێی جۆر به جۆره وه وه ک چه کێ
به قازانجی خۆ، له کوردانی ئێراق، که ڵک وه رده گرێ.
ئه و جۆره یارمه تی دانه ی ده وڵه تانی ناوه ندی،
کوردانی له ئامانج و مه به ستی سه ره کی خۆ
پڕ دوور کردۆته وه. هه ڵبه ت ئه و پێوه ندییه
دوو لایه نه ی کوردان ،له گه ڵ ده وڵه تانی ناوه ندی
تاقه ڕێی مانه وه ی ئه وان بووه. ئه گینا گه ر به گژ
ده و ڵه تانی ناوه ندا چووبان، بێ سێ و دوو زووتر

ده فه وتان.

*************************************

ژێده ر : کتێبی دیرۆکی کورد و ئاوڕدانه وه یێک له کوردانی
قوم،ئایه ت محه مه دی، په خشکاری پۆرسمان،
چاپی یه که م،ساڵی 1382 هه تاوی